# ڕەنگ و شێوەی یادەوەری لای هونەرمەند عەلی ڕەزا گەرمیانی

گارا
(ئەڵمانیا)

کولتووره بەهێزەکان هەمیشە جەخت لەسەر یادەوەری دەکەن و کردوویانە بە مەتریالێکی گرینگ بۆ ناوەرۆکی کارە هونەری و فیکری و ئەدەبییەکانیان، کاری هونەری شێوەکاری لەسەر بابەتی (یادەوەری) نۆستالجیا نییە، بەڵکو توانایی دروستکردنی هونەرێکی ڕەسەنە کە پشت بە مێژوو دەبەستێ، ئەمە شێوەیەکی نوێیە بۆ ناوەرۆکێکی ڕابوردوو، بە ئێستاکردنی ڕووداوەکەیە وەک ئەوەی هونەرمەند عەلی ڕەزا گەرمیانی لەم دوو پیشانگایەیدا بە ڕەنگ و شێوە و مەتریالی نوێ نیشانی داوە.

لە ماوەیەکی زۆر کورتدا کە دوو مانگی نەخایاند، هونەرمەند عەلی ڕەزا گەرمیانی توانی هەندێ لەیادەوەرییەکانی خۆی لە دوو پیشانگای هونەری جیاوازدا لە هەولێر نیشان بدا، لەبەر ئەوەی ئەم هونەرمەندە خۆی کەسێکی نزیکە لە ڕووداوەکان، بۆیە ئەم یادەوەریانە بەشێکی گرینگ لە یادەوەرییەکانی میللەتی کوردیش پێکدێن. هونەرمەند خۆی ژیانێکی زۆری لە گەرمیان بەسەر بردووە، لە شارۆچکەی دووزخورماتوو لە ساڵی ١٩٨٠ لەدایک بووە و کاتەکانی منداڵی و هەرزەکاریشی هەر لەوێ بەسەر بردووە، بۆیە لە نزیکەوە بەر ئەنفال و گوێزانەوەی زۆرەملێ وماڵوێرانی و کۆمەڵکوژی خەڵکی ئەو ناوچەیە کەوتووە، هەندێ لە کەسوکار و خزمەکانیشی بەشێ بوونە لەقوربانییەکانی ڕووداوەکان، لەوانە خاڵ و میمک و چەندان کەسی دیکەی نزیکی، بەم جۆرە کۆی ئەو ڕووداوانەی لەسەرەتای لەدایک بوونییەوە تا جێ هێشتنی نیشتمان، بوون بە بەشێکی گرینگ لە یادەوەرییەکانی و لەم دوو پیشانگایەیدا ڕەنگیان داوەتەوە.



یەکێ لە پیشانگاکان بە ناوونیشانی (بیرەوەرییەکانی لم Memory of Sand) بوو کە هونەرمەند لە (١٠ تا ٢١)ی مانگی چواری ٢٠١٩ لە ناو ساختمانی پەرلەمانی کوردستان نیشانی دا، لە هەمان کاتدا ئەم پیشانگایە بەشێ بوو لە تێزی دوکتۆراکەی کە لە زانکۆی (NCAD) لە وڵاتی ئیرلەندا لە شاری (دوبلن) ئامادەکاری بۆ دەکا، هەر بۆیەشە هونەرمەند ئەم پیشانگایەی بە تیوری و سەرچاوەی زانستی گرینگ دەوڵەمەند کردووە، لەوانە نووسینەکانی جان ئاسمان Jan Assmann، پییێر نورا Pierre Nora، ماریانا هێرش Mariana Hirsch و چەندان زانا و توێژەری دیکە کە دەربارەی یادەوەری و شوێن، یادەوەری تاک و یادەوەری بە کۆمەڵ، تیوری یادەوەری تراوما و پۆست یادەوەری کاریان کردووە(١). سەبارەت بە شوێنەکانی یادەوەری پییێر نورا ئەو دۆخانە ڕوون دەکاتەوە و پێیوایە کە ڕووداوێک، یان شتێک دەبێت بێتە دی بۆ ئەوەی وەک شوێنێکی یادەوەری دەستنیشان بکرێت، بە بۆچوونی نورا سێ شوێن هەن کە دەتوانرێ لەوێ بابەتەکانی یادەوەری پۆلێن بکرێن، لەوانە موزە، ئەرشیف و گۆڕستان(....) بە ڕای نورا یادەوەری پێویستی بە ئاماژەدان بە شوێنی ڕاستەقینە (حقيقي) هەیە وەک بینا و خاسیەتەکانی دیکەی ژینگە (...) نورا پێیوایە تۆ یادەوەرییەکی تایبەتی وێنادەکەی لەسەر ئەوەی کە خولّقاوە (دروست بووە)، بەم جۆرە بۆ نموونە کاتێک گوندەکان تەخت دەکرێن و بیناکان دادەڕمێن (بەر ڕماندن دەکەون)، یان بە هۆی تۆڵەی شەڕەوە وێران دەبن، یان شارەکان دووبارە نوێ دەکرێنەوە و گەشەکردن ڕوودەدات، ئەوە ئەو ژینگانە کە یادەوەرییەکانی ئێمەی تێدا دروست کراون، بەتایبەتی لە حاڵەتی یادەوەری تراوماتیکی کە لە شەڕ و پێکدادانەکان ڕوودەدەن، بەتێپەڕبوونی کات دادەخورێن(؟) . نورا دۆخەکان زیاتر ڕوون دەکاتەوە لەوەی کە پێیوایە ڕووداوێک، یان شتێک پێویستە بکرێت بۆ ئەوەی وەک شوێنێکی یادەوەری دەستنیشان بکرێت.(٢) سەبارەت بە یادەوەری تاک/ یادەوەری بە کۆمەڵ پییێر نورا دیسانەوە پێیوایە: شوێنەکانی یادەوەری ناتوانن وەک یادەوەری بە کۆمەڵ بەردەوام بن. نورا لەم بوارەدا پشت بە نووسینەکانی (هالبارک) دەبەستێ کە ئەویش پێیوایە: نەک تەنیا سروشتی بە کۆمەڵی یادەوەری، بەڵکو بە شێوەیەکی زیاتر دیاریکراو لەسەر بنەمای زمانەوانی بۆ ئەم بەکۆمەڵییە پێویستە.(٣) سەبارەت بە یادەوەری و چەمکی (پۆست یادەوەری) هونەرمەند پشت بە نووسینەکانی ماریانا هێرش دەبەستێ کە دەڵێ : پۆست یادەوەری وەسفی پێوەندییەکی ئاڵۆز دەکات کە نەوەی لەدایکبووی پاش ڕووداوێکی تراوماتیکی دەگرێتەوە، ئەزموونی بەکۆمەڵیان هەیە کە کاریگەری تراوماتیکی کولتووریان لەسەرە، بە بۆچوونی ماریانا هێرش ئەو کەسانەی کە ئەزموونی تراومای بە کۆمەڵیان بینیوە، وابەستە بوونە بە ژیانی منداڵەکانیان و نەوەکانیانەوە، ئەو چەمکە (پۆست نەوە)یشی پێ دەگوترێ، دیسانەوە بە ڕای هێرش پۆست یادەوەری هاوتا (یەکسان) نییە بە یادەوەری، لێرەدا جیاکەرەوەیەکی ڕوون لە نێوان یادەوەرییەکانی یەکەم نەوە و پۆست یادەوەری و وەچەکانیاندا هەیە، ئەم ئەزموونانەی تراوماییی بە کۆمەڵ بە شێوەیەکی قووڵ و کاریگەر بۆ نەوەی دواتر گواستراونەتەوە ، بەم شێوەیە پێوەندی پۆست یادەوەری بە ڕابوردووەوە زیاتر لە ڕێگەی وەبەرهێنانی خەیاڵ و ڕێکەوتەوەیە وەک لە بیرکردنەوە. (ماریانا هێرش).(٤)

لە ئەنجامدا هونەرمەند خۆی پێیوایە تێگەیشتن و چوارچێوەی (سنوورەکانی) گواستنەوەی نێوان یادەوەری کەس و یادەوەری بەکۆمەڵ، پێویستی بە تێگەیشتنی تەواوی هۆکاری پۆست یادەوەرییەوە هەیە، ئەو لەم بوارەدا دیسانەوە پشت بە نووسینەکانی ماریانا هێرش دەبەستێ کە پێیوایە پۆست یادەوەری وەسفی پێوەندییەکی ئاڵۆز دەکات کە نەوەی لەدایکبووی پاش ڕووداوێکی تراوماتیکی ئەزموونی بە کۆمەڵیان لەگەڵیدا

هەیە، ئەمەیش کاریگەری تراوماتیکی کولتوورییان لەسەرە، (جان ئاسمان)یش جیاوازی و لێک جوداکردنەوە لەنێوان دوو جۆری بیرخەرەوەی بە کۆمەڵ دەکات، ئەوانیش یادەوەری پێوەندی (اتصال) و یادەوەری کولتوورین، یادەوەری کولتووری بە ڕای جان ئاسمان بریتییە لە شێوە و فۆرمێکی دامەزراوەیی (شکل مؤسساتي) یادەوەرییە لە نێوان گرووپێکی خەڵکدا هاوبەشی پێ دەکرێت کە هەمان ناسنامەی کولتوورییان هەبێت. (٥)

بەم جۆرە هونەرمەند بۆ ڕێکخستنی پیشانگاکەی خوێندنەوەیەکی بۆ زانست و تیوری یادەوەری و تراوما هەبووە بۆ ئەوەی بتوانێ چ مەتریال و شێوە و ڕەنگێکیان بۆ بەکاربێنێ؟ بەشێوەیەکی دیکە بڵێیم بۆ ئەوەی چۆن نیشانی بدا وەک کارێکی هونەری شێوەکاری هاوچەرخ؟ ئەمەیش ئەرکە سەرەکییەکەی هونەرمەندی شێوەکارە کە لە فەیلەسووف و شاعیر و نووسەر جیای دەکاتەوە، بەم جۆرە هونەرمەند بیری بۆ جلوبەرگ و لم و گوریس و بەرمیل و ئاسن و تەختەدار و کتێب و ڕەنگی ئەملشن و ڕەنگی ڕۆنی و ماددەی غەرە چووە وەک مەتریال بۆ کارە هونەرییەکەی، وەک شێوەیش هونەرمەند شێوەی ئینستلەیشن و ڕەلیفی بۆ کارەکانی هەڵبژاردووە کە هەردووکیان دوو شێوەی سێ ڕەهەندی هاوچەرخن، مامەڵە لەگەڵ ڕاوم (فەزا) دەکەن، سەبارەت بەو جلوبەرگانەی کە هونەرمەند بەڕادەی سەرەکی وەک مەتریالی هونەری بۆ کارەکانی بەکاری هێناون و لەگەڵ شوێندا مامەڵەی پێیان کردووە، دەڵێ: وێناکردنی یادەوەری جلوبەرگی قوربانییەکانی جینۆسایدی ئەنفال، لە ڕێگەی فۆرمی هونەرییەوە لە ئامادەنەبوونی جەستە و شوێن و بەستنەوەی بە ئێستاوە. (٦) لێرەدا من وا لەم چەمکەی (ئێستا) دەگەم کە هونەرمەند بۆ مەبەستی بەیادهێنانەوە، یان بە ئێستاکردنی ڕووداوەکە بەکاری هێناوە ، وەک لەسەرەوە ئاماژەم بۆی کرد، واتا دانانی شێوەی نوێ بۆ ڕووداوێکی ڕابوردوو کە یەکێکە لە بنەماکانی کارکردنی هونەرمەند لە سەر بابەتی یادەوەری، مەبەستی هونەرمەند لە (بەئامادەنەبوونی جەستە و شوێن) وەک من لەم بیرۆکەیە دەگەم کە جلوبەرگەکان بتوانن گوزارشت لە جەستە بکەن، جەستەکان نەماون، هونەرمەند ویستوویەتی بە جلوبەرگ و پێڵاوەکان وێنەیان بۆ دروست بکات، نەک وێنەی خۆیان وەک هەبوون، بەڵکو وێنەیان لە کاتی فەنابوونیاندا، لە کاتی لەناوچوونیاندا، لێرەدا لمەکە ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ. هونەرمەند چەمکی ئامادەنەبوونی شوێنیش بەکاردەهێنێ، بەمەیش ڕەهەندی هونەری کارەکە قووڵتر دەکاتەوە لەوەی کە نەیویستووە ئاماژە بۆ شوێنێکی دیاریکراو بکات و نەیکات بەکارێکی واقیعی، بەڵکو بەکارێکی هونەری کە خەیاڵ تێیدا ڕۆڵی خۆی دەبینی، ئەمەیش بەشێکە لە لایەنە ئیستێتیکییەکەی کارە هونەرییەکە. (٧)

هونەرمەند کارەکانی بەسەر حەوشی ساختمانی پەرلەمان و هۆڵی چوونەژوورەوەکەیدا دابەش کردبوو، لە حەوشی پەرلەماندا کارە ئینستلەیشنەکانی دانابوو و لەناوەوەیش کارە ڕەلیفەکان و ئەو سێ کارەیشی کە لە قەبر دەچوون. ئەو ئەم سێ کارەی ڕاستەوخۆ بە جلوبەرگ و لم و گوریس و پێڵاو و کتێب لەسەر زەوییەکە دروست کردبوو، بەجۆرێ کە بینەران و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەبوایە سەردانەوێنن بۆیان لە کاتی تەماشاکردنیاندا، کارە ئینستلەیشنەکانی دەرەوە یەکێکیان لە شێوەی دوو بەرمیلی نەوت بوون کە سەرمەقولانج بە بەرزی نزیکەی سێ مەتر دانرابوون و وێنەیەکی سێ ڕەهەندی پێیانەوە دروست کردبوو وەک وێنەی هاتنەخوارەوەی بە لێشاوی جلوبەرگ کە لە شێوەی لێشاوی هاتنەخوارەوەی نەوت دەچوو، لەم کارەدا هونەرمەند جلوبەرگە بە ڕەش ڕەنگکراوەکانی لە خوارەوە بە زەوییەکەوە بەستبووەوە بۆ ئەوەی بەرمیلەکان لە ئاسمان بووەستن، لە دوو ئیشەکەی دیکەیدا جلوبەرگەکان بە جۆرێکی تر بەکارهێنرابوون، لە یەکێکیاندا جلوبەرگەکان لە خوارەوەی دارێکی وشک لە سەر زەوییەکە دانرابوون و هەندێکیانیشی بە سەرووی دارەکەوە بەستبووەوە و با دەیانی شەکاندنەوە بۆ ئەوەی وێنەی بەجێماوی و جێهێشتن ببەخشن، بۆ سێیەم کاری ئینستلەیشنەکان هونەرمەند ئاڵای کوردستانی لە شێوەیەکی خڕ بە جلوبەرگ دروست کردبوو، پاشان بە چوار ڕەنگی سوور و سپی و زەرد و سەوز ڕەنگیانی کردبوو کە بە ئاشکرا لە ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان دەچوو.

هونەرمەند بۆ کارەکانی ناوەوەی ساختمانی پەرلەمان



به (لم) و گــوریس و غــەڕە و ڕەنگی ڕۆنی مــامــەڵەی لەگەڵ جلوبەرگەکان کردبوو وەک بەستنەوەی جلوبەرگ و پێڵاوەکان لە نێوان گوریسەوە بە زەوییەوە لە حاڵەتی ئەو شــێوانەی کــە لە قــەبر دەچوون، لە کــاتێکدا بۆ کــارە ڕەلیفەکانی، هونەرمەند جلوبەرگەکانی لەسەر تەختەداری گەورە بە غەڕە چەسپاندبوو پاش ئەوەی تەختەدارەکەی بە ئاسن بەســتبــووەوە بۆ ئەوەی توند بووەستێ، جلوبەرگ و پێــڵاو و لەکــانی بەســەر مــاددەی هەڵگری کــارە ڕەلیــفــەکــانەوە (تەخـتــەدارەکــە) دانابوو و تێکەڵیــانی کردبوو بە ماددەی غەڕە و ڕەنگی ڕۆنی بە شێوەیەک کە وێنەی لاشــەی مــرۆڤ لە کــاتی مــردندا بەجلوبەرگــەوە بگەیەنن بە بینەر، واتا وێنەی ئەو جــۆرە مــردووانە بگەیەنن کە کۆمەڵکوژ کراون، گونجانێکی بە جلوبەرگ و لم و پێــڵاوەکــان دابوو، بە جــۆرێ کــە بتــوانێ هەســتی لەناوچوونی جەســتەی قوربانییەکان بە بینەر بگەیەنێ، ئەمــەیش بۆ بەکــارهێنانی هونەرمــەند بۆ ڕەنگی ڕۆنی دەگەڕێتەوە کە لە بنەڕەتدا بۆ تابلۆ بەکاردێ، لە یەکێ لە کــارە ڕەلیــفــەکان هونەرمــەند پارچە لانکێکی بەقــەراغی کارەکەیەوە چەسپاندبوو وەک ئەوەی لە لایەکەوە نیشانی بدا کە لەناو قوربانییــەکاندا منداڵیــشیــان تێدا بووە و لەلایەکی دیکەیشەوە وەک ئاماژە بۆ کاتی منداڵی خۆی کە بەشێکە لەم بیرەوەرییانە.

بینەری بەئاگا دەیتوانێ لەو وێنانەی کە ڕەلیــفــەکــان نیــشــانیــدابوون لە پاڵ هەســتی خــەم و دڵتــەنگیــدا خۆشەویستیش بۆ مرۆڤە مردووەکان بەدی بکا، ئەمەیش بەشێ بوو لەو هەســتانەی هونەرمــەند کــە بەهۆی وردی و دیقــەتی بەکــارهێنانی جلوبەرگەکــان و تێکەڵکردنیــان بە لەکــان و ڕەنگە ڕۆنیـــیـــە زەردەکـــە کـــە ڕەهەندێکی ڕەسمکردنی بەبینەر دەگەیاند، ڕەسمکردنێک کە حاڵەتی ڕاستەقینەی ڕوحی هونەرمەند خۆی دەردەبڕێ بەجۆرێ کە جگە لەم هەمــوو خەم و پەژارەیە، خۆشەویستــیشی تێدا بەدی دەکرێت، کارە ڕەلیــفەکان ئەو هەستــەیان دەگەیاند وەک ئەوەی کە جەستــەی قوربانییــەکان هێــواش هێواش بەرەو لەناوچوون دەڕۆن، بەرەو مردن دەڕۆن، هەســتیــاری بەکارهێنانی هونەرمەند بۆ بەکارهێنانی (لم) و ڕەنگەکان پرۆســەی لەناوچوونەکــەی بەبینەر دەگــەیاند، وەک دەرکەوتنی سۆز بۆ کەسە لەناوچووەکان، وەک ئەوەی بڵێ سەرەڕای ئازار و تراجیدیای کارەساتەکە، بەڵام ئێوە جوان دەمرن، بە شکۆدارییەوە دەمرن، دیسانەوە دەبن بە زەوی و دیسانەوە نەوەی نوێ و ژیانی نوێتان لێ بەرهەم دێت، بەکــورتیــیــەکــەی هونەرمــەند بە هەست و کــەرەســتــەی کــارکــردنەکــەی وێنەی مــردن و ئیــحــســاسی دووبارە لەدایکبــوونەوەی بە مــرۆڤــەکــان (قــوربانیــیــەکــان) بەخشیبوو، لەوەی کە ڕەنگەکان هەستی لاوانەوەیان بۆ بینەر دەنارد.

لم و خۆڵ و قوڕ و بەرد، چوار مەتریالی جیاوازن، بەڵام هەموویان سەر بە زەوین، زەویش مانای شوێن دەبەخشێ و شوێنیش دانەبڕاو نییە لە مانای شوناس کە یەکێ لە مەبەستەکانی هونەرمەند لەم کارانەیدا دەپێکێ، لەوەی کە ئەو لەم پیشانگایەیدا دەیەوێ گوزارشت لە شوناسیش بکات و بە مەتریالی (لم) و جلوبەرگ و پێڵاو ماناکانی بە شوێن دەبەستێتەوە، بەمەیش هونەرمەند ویستوویەتی ئەو تراجیــدیایە نیــشــانبدا کە مرۆڤــەکان بە زۆرەملێ و گوشار شوێنی خۆیان بەجێ هیشتووە، ئەمەیش دەبێتە گۆڕانێکی زۆرەملێ بۆ ناسنامە و شوناسیان.

لە مێژووی هونەری شێوەکاری مۆدێرندا، کەم نین ئەو هونەرمــەندانەی کــە (لم)، یان خــۆڵ، یان قــوڕیان بۆ کــارەکــانیــان بەکــارهێناوە، لەسەرەتای سەدەی بیســتدا هونەرمــەندی فــەرەنسی ژۆرژ براک George Braque بە (لم) و غەڕە پانتایی کانڤازەکەی داپۆشیوە پێش ئەوەی ڕەنگەکانی لەسەر دابنێ و دەکرێ ئەو کارانەی براک وەک

یەکێ لە سەرەتاکانی بەکارهێنانی مەتریالی نوێ بۆ هونەری شێوەکاری بناسێنین، لە پاش دووەمین جەنگی جیهانییەوە ژمارەی ئەو هونەرمەندانە زیادی کردووە کە (لم)، یان خۆڵ، یان قوڕیان وەک مەتریال بۆ کارەکانیان بەکارهێناوە، لەوانە هونەرمەندی فرەنسی جان فوورتریر Jean Fautrier و ئیسپانی ئەنتۆنیۆ تاپیەس و ئەڵمانی ئەنزلم کیفەر Anselm Kiefer و ژمارەیەکی دیکە کە لە بواری تابلۆی هەڵگری مەتریال بەکاریان هێناوە. لە بواری ئینستلەیشن و ئۆبجێکتیشدا هونەرمەندی بە ڕەگەز جوولەکە میشا ئولمان Micha Ulmann و چیکی مەگدەلینا جەتەلۆڤا Magdalena Jetelova و ئەمەریکی ڤالتەر دی ماریا Walter de Maria و ژمارەیەکی تر لم و خۆڵیان لەکارەکانیاندا بەکارهێناوە، لە کوردستانیش جگە لە عەلی ڕەزا گەرمیانی، هونەرمەند هێمن حەمید لە کارێکیدا کە دیسانەوە دەربارەی یادەوەرییە، قوڕی وەک مەتریال بەکارهێناوە و نەرمین مستەفاش بۆ تابلۆ هەڵگری مەتریالەکانی لمی بەکارهێناوە.

زانای هونەری شێوەکاری ئەڵمان مۆنیکا ڤاگنەر Monika Wagner خۆڵ، لم، بەرد وەک مەتریالی فەقیر(٨) وەسف دەکات و لە مەتریالی (لم)، یان خۆڵ توانایییەکی گەورە بۆ هەڵگرتن و پاراستنی یادەوەری دەبینێ(٩)، ئەم دوو سیفەتەیش خاڵی جەوهەری لە مەبەستی بەکارهێنانی (لم) لای هونەرمەند عەلی ڕەزا گەرمیانی لەم کارانەیدا پێکدێنن، یەکەمیان ئەو مرۆڤانەی کە بوونەتە قوربانی ئەنفال و بەکۆمەڵ کوژ هەموویان مرۆڤی فەقیر بوونە، دووەمیش لەگەرمیان لەگەڵ لم و خۆڵدا ژیاون و خۆڵ و لم بەشێک لە بیرەوەرییەکانیانی دروست کردووە، بۆیە هونەرمەند وێنەی لاشەکانیان (کە جلوبەرگەکان نوێنەرایەتیان دەکەن) بە (لم) دەردەبڕێ (بەرجەستەیان) دەکات، بەم جۆرە هونەرمەند بە (لم) و جلوبەرگ و ئەو دوای مەتریالەکان، ڕووداوەکان دەکات بە کاری هونەری(ڕەلیف) و شێوەی قەبریان لێ دروست دەکات، ئەمە وەک دەربڕین و گەیاندنی وێنەی بەئەنفال بوونیان، هەروەها هونەرمەند جارێکی تر(لم) وەک ڕەمزێک لە وێنەی جەستەیان و لە ڕوحیان نزیک دەکاتەوە، یان هێمایەک بۆ ئەو جێگایانەی کە لێی هەڵکەندراون، (هەرچەندە ئەو جێگاکانی دەستنیشان نەکردووە)، بۆ ئەوەی (لم) و بۆنی (لم) هەمیشە وەک بۆنی عەتر لەگەڵیان بێت، لەکاتی مردنیشیاندا، ئەمانە گشتی لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە هونەرمەند لە نووسینەکەیدا (Statement) بەئاشکرا ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێ: ((کەرەستەی (لم)م بەکارهێناوە کە کەرەستەی پەیوەستە بە یادەوەری شوێنی جینۆسایدکردن لە بیابانەکاندا)) واتا بەکارهێنانی مەتریالی (لم) لای هونەرمەند عەلی ڕەزا گەرمیانی مانای بیابانیش دەگەیەنێ کە ژمارەیەکی لە قوربانییەکان داپۆشێوە لەوەی کە پێش مردنیان ڕاگوێزراونەتەوە بۆ بیابانەکانی عێراق.(١٠)

لێرەدا بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لەم کارەی هونەرمەند عەلی ڕەزا گەرمیانی بە پێویستی دەزانم نووسینەکەی خۆی(Statement) بنووسمەوە: ((بیرەوەرییەکانی لم، وێناکردنی یادەوەری کارەساتی ئەنفال و جینۆسایدکردنی کوردە کە بە لێشاو و بەکۆمەڵ لە بیابانەکانی خوارووی عێراق، بەزیندوویی بۆ ژێر لم زیندەبەچاڵ کران. لە نێوان ساڵانی ١٩٨٧ - ١٩٨٨، لە کارەکەمدا بۆ دووبارە وێناکردنەوەی هەمان ئەو شوێنەی کە کارەساتەکەی تێدا جێبەجێ کراوە(...)، بەڵام هەندێک گۆڕان، یان جیاوازی لە کارەکەمدا بەدی دەکرێت، بە شێوەیەک لە شێوەکان کارەکەمم گرێداوە بەو ژینگەیەی کە پرۆسەی ئەنفالی تێدا جێبەجێ کراوە، بۆ ئەم مەبەستەیش لم و جلوبەرگم، وەک کەرەستەی شوێن بەکارهێناوە کە ئاماژەن بۆ نەمان و لەناوچوونی جەستەی قوربانیان، ئامانج لەم کارەم بەبیرهێنانەوەی ئەو تاوانەیە کە دژ بە مرۆڤایەتی کراوە، هەروەها بەستنەوە و ئاشناکردنی نەوەی دوای تاوانی جینۆسایدە، هەڵبەتە ئەمەش بەئامانجی بەرگرتن لە حاڵەتی لە بیرچوونەوە لە نێوانیاندا، هەروەها بەستنەوەی ڕابوردوو بە ئێستاوە لە ڕێگەی ئەم کارە هونەرییانەی دروستم کردوون.)(١١)

نیشاندانی ئەم پیشانگایەی عەلی ڕەزا گەرمیانی لە ناو ساختمانی پەرلەمانی کوردستان، هەندێ گرفتی لێکەوتەوە، لەوەی کە پەرلەمانی کوردستان هۆڵێک، یان جێگایەکی نییە بۆ نیشاندانی پیشانگای هونەری، بەڵکو جێگایەکی سیاسییە، هەربۆیە لە ڕۆژی ٢٣ی مانگی چواری هەمان ساڵ پانێلێکی تایبەت بۆ پیشانگاکەی لە لایەن سەنتەری ئاڵا لە هەولێر ڕێکخرا کە تێیدا ئامادەبووان توانییان پرسیار و بۆچوون و



ڕەخنەکانیان ڕاستەوخۆ ئاراستەی هونەرمەند بکەن. لە پانێلّەکەدا هونەرمەند ئاماژەی بۆ ئەو کارەی هونەرمەندی ئەڵمانی هانس هاکە Hans Haacke کرد کە لەناو پەرلەمانی ئەڵمانیا لە بەرلین دەوری زیاد لە بیست ساڵ لەمەوپێش نیشانی داوە، بۆ ئەوەی بەناڕاستەوخۆ ئەوە بگەیەنێ کە یەکێ لە مەبەستەکانی ئەو لەم نیشاندانەدا ڕەخنەیە لە پەرلەمانتارانی کوردستان، لەوەی کە ئەوان ئەو کارەساتەیان لە بیرچووەتەوە، هەربۆیەشە یەکێ لە مەبەستەکانی هونەرمەند لە نیشاندانی ئەم کارەی لەناو ساختمانی پەرلەمانی کوردستان ئەوەبوو کە بتوانێ ئەو تراجیدیایە بهێنێتەوە یادی ئەندامانی پەرلەمان و وێنەی ئەو کارەساتە لە پەرلەمانی کوردستان نزیک بکاتەوە، ئەم جارەیان نە بە شیعر و نە بە نووسینێکی سیاسی، تەنانەت نە بەکارێکی هونەری تەقلیدی ڕاستەوخۆش، بەڵکو بە چەند کارێکی هونەری شێوەکاری هاوچەرخ.

مانگێک و بیست و یەک ڕۆژ پاش پیشانگاکەی (بیرەوەرییەکانی لم)، واتە لە (١٢ تا ٢٤)ی مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵ، هونەرمەند عەلی ڕەزا گەرمیانی لە گەلەری میدیا هەر لە شاری هەولێر پیشانگایەکی دیکەی وەک بەردەوامی بۆ پیشانگاکەی (بیرەوەرییەکانی لم) نیشان دا کە دیسانەوە بە ڕادەی یەکەم جلوبەرگی تێدا بەکارهێنابوو. ئەم جارەیان پیشانگاکە لە یەک کاری هونەری پێکهاتبوو و لە ناوەڕۆکدا دیسانەوە دەربارەی بابەتی یادەوەری بوو، بەڵام لە ژێر دوو ناوونیشاندا، یەکێکیان (لاوانەوە Mourning) وەک ناوونیشانێ کە ناوەڕۆکی کارە هونەرییەکە دەپێکێ و ئەوەی دیکە شەشپاڵوویەکی ڕەش Black Cube کە شێوە و ڕەنگی کارە هونەرییەکە دەپێکێ، هەرچەندە پیشانگاکە لە یەک کاری هونەری پێکهاتبوو، بەڵام هونەرمەند لە دوو شێوەڕەشی گەورە نیشانی دابوو، هەردوو شێوە ڕەشەکە لە ژێرەوە بە جلوبەرگ بەیەکەوە بەسترابوونەوە، یەکێکیان لە چەشنی شەشپاڵوویەکی (مکعب cube) ڕەشی گەورە کە تا بنمیچی هۆڵەکە بەرزبوو لە سەر شێوەیەکی خڕی دیسانەوە گەورە دانرابوو. هونەرمەند ئەم هەردوو شێوە گەورانەی بە جلوبەرگێکی زۆر داپۆشیبوو.

بەجۆرێکی دیکە بڵێم، ئەم پیشانگایەی هونەرمەند عەلی ڕەزا گەرمیانی پێکهاتبوو لە ئینستلەیشنێکی گەورە لە شێوەی تەجریدێکی ئەندازیاری تەلارسازی، هونەرمەند بەم کارە ناوەڕاستی هۆڵەکەی تەواو داگیرکردبوو، وەک مەبەستی خۆی بۆ ئەوەی ئامادەبووان بتوانن بەدەوریدا بسووڕێنەوە، یان بەرانبەری بوەستن وەک بەشێ لە ناوەڕۆکی کارە هونەرییەکە، لە ناو شێوە شەشپاڵووەکەدا ئامادەبووان بەردەوام گوێیان لە کۆمەڵێ دەنگ دەبوو، هەستی تۆپ و تەیارە و قیژاندن و لاوانەوەی بە گوێی ئامادەبووان دەگەیاند کە هونەرمەندی سینەما ئیبراهیم ڕەمەزان دیزاینیانی کردبوو وەک ئاماژە بۆ دەنگی مرۆڤەکان کە خۆیان نەماون، بەم جۆرە جگە لە جلوبەرگ، هونەرمەند ئەم جارە دەنگیشی وەک مەتریال بۆ کارەکەی بەکارهێنابوو، هەربۆیەش دەکرێ بەم کارە هونەرییە بڵێم کارێکی ئەودیۆڤژوەڵ Audiovisuell، واتا کارێکی هونەری کە هەم بۆ بینین و هەم بۆ گوێ گرتن دروست کراوە.

شێوە شەشپاڵووە ڕەشە گەورەکە بە ئاشکرا وێنەی کەعبەی بە بینەران دەگەیاند کە هونەرمەند بەهۆیەوە دەیەوێ پەنجەی تاوانی بۆ درێژ بکات، هەروەک خۆی لە نووسینەکەیدا ڕوونی کردووەتەوە و دەڵێ: (بۆ نموونە بەکارهێنانی سورەتی "ئەنفال" وەک دەقێکی ئاسمانی ئایینی، هەروەها لەهەمان کاتدا وەک ئامرازێک بۆ قڕکردنی منێکی موسڵمان، بۆیە مەبەستمە وێنەی ئەم یادەوەرییە پڕ لە زەبروزەنگە لە فۆرمێکی هونەری

هاوچەرخدا بەرجەستە بکەم.)(١٢) ئەمەیش تەنیا فۆرمێکی هونەری نییە کە هونەرمەند بۆ گەیاندنی بیرۆکەکەی بەکاری هێناوە، بەڵکو فۆرمێکە کە هونەرمەند لە نێوانییەوە توانیویەتی گوزارشت لە هەستەکانی خۆیشی بکات، لەبەر ئەوەی هونەرمەند خۆی زۆر نزیک بووە لە ڕووداوەکان، ئەمەیش ڕەهەندێکی سوبجێکتیڤیتی (خودی/ زاتی) بەکارە هونەرییەکە بەخشیوە. دەتوانم هەمان ئەم قسانە دەربارەی پیشانگاکەی بیرەوەرییەکانی (لم)یش بڵێم.

لەم پیشانگایەیدا هونەرمەند تەنیا بە ڕەنگی ئەمۆڵشنی ڕەش مامەڵەی لەگەڵ جلەکان کردبوو بێ ئەوەی فڵچە بەکاربهێنێ، بەڵکو بە ئامێرێک کە بە کارەبا کاردەکات، ئەمۆڵشنەکەی تێکردووە و بەو ئامێرەش وەک سپرای ڕەنگەکەی بەسەر جلوبەرگەکاندا پەرشوبڵاوکردووەتەوە، ئەمەیش خۆی لە خۆیدا ڕەهەندی پێرفۆرمانس بەکارە هونەرییەکە دەگەیەنێ وەک ئەوەی کە هونەرمەند جەستەی خۆیشی بۆ ئەم کارە بەکارهێناوە بێ ئەوەی ئەو لەم کارەیدا مەبەستی بێ، بەم جۆرە گشت جلوبەرگەکان ڕەش دەرکەوتوون بۆ ئەوەی هەستی تاکەکەس بە بینەر نەگەیەنن، هەروەها مردنی قوربانییەکان وەک یەک دەرکەون، مردنی هیچیان لەوەکەی دی باشتر نەبێ، بەمەیش هونەرمەند ئەو هەستە دەنێرێ کە ئەم مرۆڤانە لە لایەن دەسەڵاتێکی دڕندەوە بە کۆمەڵکوژ کراون.

هونەرمەند جلوبەرگەکانی (وەک هێما بۆ ڕوحی مرۆڤەکان) بە جۆرێ بەکارهێناوە کە وێنەی خۆهەڵواسین بە شێوە شەشپاڵووەکەوە بگەیەنن، بەمەیش ئەو وێنەیە بە بینەر دەگەیەنن وەک ئەوەی ڕوحی قوربانییەکان یەخەی کەعبەیان گرتبێ و بەری نەدەن، تاوانەکە بخەنە ئەستۆی کەعبەیش وەک هێمایەک بۆ ئەو دینەی کە بکەری تاوانەکان ئیمانیان پێی هەبووە. هونەرمەند شێوە شەشپاڵووە گەورەکەی ڕاستەوخۆ لە سەر شێوە خڕە گەورەکە داناوە کە ئەمەیانی تەنیا بە جلوبەرگ دروست کردووە و بە ڕەنگی ڕەش داپۆشیوە، لە کاتێکدا ئەو ئاسنی بۆ ڕاگرتنی شێوە شەشپاڵووەکە بەکارهێناوە، ئەم جلوبەرگانەیش دیسانەوە ئاماژەن بۆ مرۆڤە لە ناوبراوەکان، بۆ ڕوح و جەستەی قوربانییەکان، ئەم دوو جۆرە ڕوحانە (ئەوانەی لەناو شێوە شەشپاڵووەکە و ئەوانەی کە شێوە خڕەکەیان پێکهێناوە) لە دوو ڕیتمی جیا دان. بۆ بینینی من وێنەی ئەم جلوبەرگانە لە قەد (لەناو) ئەم دوو شێوە گەورەیە وەک وێنەی دوو جۆرە حەشاماتی جیا دەردەکەون، یەکێکیان هەستی چالاکی دەبەخشێ و هەڵمەت دەبات و داوای مافی خۆیان دەکەن و ئەوەکانی دیکە لە سەر زەوی کەوتوون، یان بەدەوری کەعبەدا دەسووڕێنەوە (وەک شێوە خڕەکە هێمای بۆ دەکات). بۆ بینینی من هەرچەندە هەردوو جۆرە ڕوحەکان لەیەک جێگان، لە ناو یەک ڕاوم (یەک فەزان)، بەڵام یەکێکیان بە لەش مردوو و بە ڕوح زیندووە، ئەوەکەیان بە لەش و بە ڕوح مردووە. بینەرەکانی پیشانگاکەش بۆ بینینی من وەک بەشێکی زیندوو لە کارە هونەرییەکە لە جووڵانەوەکانیاندا هەندێکیان وەک جلوبەرگەکانی قەد شێوە شەشپاڵووەکە بەرانبەری دەوەستن و لێی ڕادەمێن و دەیکەنە مەتریال بۆ بیرکردنەوەکانیان و هەندێکیانیش تەنیا بەدەوریدا دەسووڕانەوە ، لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئامادەبووان (بینەران) بەشێکی دانەپچڕاو لە کۆنسێپتی کارە هونەرییەکە پێکدێنن، ئەمەیش مەبەستی هونەرمەند بووە وەک هێنانە ناوەوەی بینەر بۆ ناو کارە هونەرییەکە، لەلایەکەوە وەک چالاککردنی بینەر و لەلایەکی دیکەوە وەک چالاککردنی کارە هونەرییەکە و بەستنەوەی بە کۆمەڵگاوە (بە ژیانەوە) کە لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان لە هونەری ئەنڤایرۆنمێنتی Environment و هاپینینگ Happening لە ئەمریکا بەکارهێنراوە.

هونەرمەند خۆی بەم جۆرە هونەرانە ئاشنایە و مەبەستی بووە ئەم کارە و بینەرەکانی بهێنێتە ناو هۆڵێکەوە لەیەکیان نزیک بخاتەوە، بۆ ئەوەی کارەکە وەک کارێکی زەبەللاح بهێنێتە پێش چاوی بینەران، لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەم کارە لەناو ڕاومێکی(فەزایەکی) داخراو نەبووایە، ئەگەری زۆر هەبوو بینەرەکان هێندە لە نزیکەوە کارەکەیان نەدیبایە و هەندێکیان بەتەکیدا ڕەتبوونایە، ئەوکات کاریگەری کارەکە کەمتر دەبوو، هەندێ لە ماناکانی دەگۆڕدران، ئەوسا ئەم دوو شێوەیە (شەشپاڵووەکە و خڕەکە) هێندە زەبەللاح و کاریگەر لە پێش چاوی بینەر دەرنەدەکەوتن، بەم جۆرە شێوەی کارەکە زەبەللاح دەرکەوتووە، لەبەر ئەوەی لە ناو ڕاومێکی(فەزایەکی) داخراودا نیشان دراوە و ئەمەیش

مەبەستی هونەرمەند بووە.

جلوبەرگ یەکێکە لەو مەتریالانەی کە هونەرمەندانی پاش دووەمین جەنگی جیهانی لە کارەکانیاندا وەک ئاماژە بۆ جەستە بەکاریان هێناوە، لەو ڕووەوە زانای هونەری ئەڵمانی مۆنیکا ڤاگنەر باس لە ماناکانی جلوبەرگ لە کاری هونەری هاوچەرخ دەکات وەک شاهید بۆ جەستە، وەک جێ پێی جەستە، وەک پەنجەمۆری جەستە و دەڵێ جلوبەرگ شاهید و جێ پێ و پەنجەمۆرێکی ڕەسەنە بۆ جەستە و دەتوانن زۆر باش گوزارشت لە جەستە بکەن، لەبەر ئەوەی ئەمە جەستەیە کە جلوبەرگ لە بەردەکات. (١٣) بەواتایەکی دی ئەمە جلوبەرگە کە لەش دادەپۆشێ. ڤاگنەر باس لە جلوبەرگ لە میانی کارەکانی هەردوو هونەرمەندی ئیتاڵی میشیلەنجەلۆ پستۆلیتۆی Michelangelo Pistoletto و فەرەنسی کرستیان بۆڵتەنسکی Christian Boltanski دەکات کە لە کۆنتێکستی جیا جیادا لە کارەکانیاندا بەکاریان هێناوە، بەڵام بەڕای من کارەکانی عەلی ڕەزا گەرمیانی زیاتر لە (بۆڵتەنسکی)ەوە نزیکە وەک لە پستۆلیتۆ، لەبەر ئەوەی بۆڵتەنسکی لە هەندێ کاریدا جلوبەرگی بۆ دەربڕین لە کۆمەڵکوژی جوولەکەکان بەکارهێناوە، هونەرمەند عەلی ڕەزا گەرمیانی خۆی بە کارەکانی ئەم دوو هونەرمەندە ئاشنایە، بەڵام ئەو لەم کارەیدا بەئاگادارییەوە و بەجۆرێکی تایبەت جلوبەرگی بۆ ئەم بابەتەی خۆی بەکاری هێناوە.

هونەرمەند لە بەشێ لە نووسراوەکەیدا Statement دەربارەی ئەم کارەی دەڵێ: (...لەم کارەمدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی مەتریالی جیاوازەوە، وەک جلوبەرگ و شتی تر هەوڵم داوە گوزارشت لەو یادەوەرییە تاڵانە بکەم کە لە ڕێگەی ئەوەی ترەوە کە کۆمەڵگا و تاکەکانی لەژێنگە ڕاستەقینەکەی خۆی دابڕاندووە، بۆیە ئەم کارە گوزارشت لە یادەوەری پڕ زەبر و زەنگ و لەدەستدان دەکات.)

لە کۆتاییدا هونەرمەند بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارەی، سپاسی تیمێک دەکات کە لە سەرەتای پیشانگاکەی (یادەوەرییەکانی لم) تا کۆتایی پیشانگای (لاوانەوە) هاوکاربوون لەگەڵیدا لەوانە: ڕەوا ئەحمەد، ئاریان ڕەفیق شوانی، ئاڤێستا ڕەفیق شوانی، ئاریاس ڕزگار، مەگروون مەعرووف، نزار خۆشناو وەک یاریدەدەری هونەرمەند بۆ جێبەجێ کردنی هەردوو پیشانگاکەی. یاسر ئەحمەد وەک دیزاین کردنی کەتەلۆگی پیشانگای (یادەوەرییەکانی لم). (سەنگەر حەسەن)یش وەک بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کارە هونەرییەکە لە پیشانگاکە. بەشدار قادر، ئاشتی عەدۆ وەک دوو هاوکاری گرینگی هونەرمەند لە پیشانگای (لاوانەوە)، هونەرمەندی بواری سینەما، ئیبراهیم ڕەمەزان دانەری دیزاین بۆ دەنگەکانی ناو شێوە شەشپاڵووەکە لە پیشانگای (لاوانەوە)، هەروەها نووسەری ئەم دێرانە وەک ناساندنی کارەکەی گەلەری میدیا (لاوانەوە) لە کاتی کردنەوەی پیشانگاکەدا.

**پەراوێزەکان:**

**١- بڕوانە کەتەلۆگی پیشانگاکەی هونەرمەند (بیرەوەرییەکانی لم).**

**٢- هەمان سەرچاوە. لاپەڕە ٥.**

**٣- هەمان سەرچاوە. لاپەڕە ٧.**

**٤- هەمان سەرچاوە. لاپەڕە ٧- ٨.**

**٥- بڕوانە کەتەلۆگی پیشانگاکەی هونەرمەند عەلی ڕەزا گەرمیانی (بیرەوەرییەکانی لم)، لاپەڕە ٧.**

**٦- هەمان سەرچاوە. لاپەڕە ١.**

**٧- من لێرەدا چەمکی (ئیستێتیک)م بەمانای (جوانی) بەکارنەهێناوە.**

**٨- خۆڵ یەکێ بووە لەو مەتریالانەی کە گرووپی هونەری (هونەری فەقیر) لە سەرەتای شەستەکان لە ئیتاڵیا بەکاریان هێناوە.**

**(9) Monika Wagner: Das Material der Kunst.**

**١٠- ئەم دیاریکردنەی جێگایە، جیایە لەو دیارینەکردنەی جێگا کە ڕووداوەکانی تێدا ڕووی داوە، لەوەی یەکەم هونەرمەند ناوی شارێک، یان شارۆچکەیەک، یان دێیەکی نەهێناوە.**

**١١- بڕوانە دەقی نوسراوەکەی هونەرمەند دەربارەی پیشانگاکە (بیرەوەرییکانی لم).**

**١٢- بەشێ لە نوسراوێکی هونەرمەند دەربارەی کاری (لاوانەوە).**

**(13) Monika Wagner: Das Material der Kunst.**

**سەرچاوەکان:**


**(١) ڕوونکردنەوەیەکی (نووسراوێکی Statement) هونەرمەند خۆی دەربارەی هەردوو پیشانگاکەی (بیرەوەرییەکانی لم و لاوانەوە) بە زمانی کوردی و ئینگلیزی.**

**(٢) کەتەلۆگی پیشانگاکەی عەلی ڕەزا گەرمیانی (بیرەوەرییەکانی لم Memory of the sand) لە پەرلەمانی کوردستان.**

**(13) Monika Wagner: Das Material der Kunst.Münhen.2011.**